**ڕاگەیاندنی دامەزرانی**

# «سەنتەری ژنانی کورد لە کوڵن»

«سەنتەری ژنانی کورد لە کوڵن» لە لایەن کۆمەڵێک ژنانی کوردستانی ڕوژهەڵات و باشور بە مەبەستی داکۆکی کردن لە مافی ژنان و تێکۆشان لە ئاست پرسی ژنان دامەزرا. سەنتەر لە هەموو هاوکارییەکی دڵسوزانە خۆشحاڵ دەبێت کە ڕێگای گەیشتن بەئامانجەکانی کورت دەکاتەوە و ئەو بەرنامە و بۆچوونانە دەوڵەمەند دەکات کە سوود بە ژنانی کۆمەڵگا دەگەیەنێت.

لە سە را پا جهیاندا و بە تابیە ت لە جیهانی سئهە.مدا چە ندە ها لیکۆلینە وە و تویژینە وە ی زانستی بە پێ ی بیرو بو جوونی ئە و کۆمە ڵگایە بۆ دیاردە هە مە جۆرکانی کۆمە ڵگاو بە تابیە ت دیاردە ی مامە لە کردن لە گە ڵ بابە تی ژناندا دە کریت . وە لە هە ر یە ک لە و لیکوڵینە وانە دا ئە نجامی زۆر ئاشکرای ڕۆڵی کۆمە ڵ و ڕۆڵی خودی مروڤ خۆی لە سە ر هاتنە کایە وە ی ئە و دیاردە نالە بارانە دە بت، نیشان دە کات . کار کردن لە سە ر ئە و ئا مانجانە ئە بیتە هۆی هە لۆە شاندنە وە ی ئە و بناغانە ی ئە و دیاردانە دروست دەکە ن.

بۆیە ئە م کارکردنانە وە کو سە رە داو بە رە و گرێ کوێرە کانمان دە بن و ئاشنامان دە کە ن بە و پێداویستانە ی دە بێت بکرێن. گە ران بە شو ێن هۆ کارە کانداو خستە گە ری توانای پسپۆرانە و ڵیکۆ ڵێنە وە لە و هۆکارانە لە لایە ن کە سانی تایبە ت مە ندو پسپور لە و بوارە دا زە مینە یە کی زانستی بۆ چارە سە ری ئە و دیاردە کۆمە لایە تی یە ئامادە ئە کات کە رە گ و ریشە ی کۆمەڵگاکە لە سە ر بناغە یە کی پڕ لە ووشیاری و تازە گە ری بنیات بنیت کە بتوانێت هاو تە ریبی پیوداویستی یە کانی دینای ئە مرۆ بێت ، لە کۆمە ڵدا ئە بیت ژن و پیاو و منداڵ پیکە وە تیهە ڵکیشی ڕەوتی ژیانی نوێ بکات و خێزان وە ک یە کە یە کی لە یە ک دانە بڕاو دروست بکات. وەلە ڕوانگە ی هە ست بە لێپرسینە وە و بە شداریکردن لە و پروسە یە دا ئە گە ر هە ر کە س لە جێی خۆیە وە بە ردێکی لە قی ئە و بناغە یە بە بە ردێکی پتە وی دە ستکردی دە ستی خە مخۆر و تا بیە تمە ندە کان بگوڕیت و هە ر کە سە تاوی دڵسوزانە بدات و بگاتە ئە و بڕوایە کە ژن یە کێکە لە سی کوچکە کانی کۆمە ڵگاو بێ ئە و ناتوانی هە نگاوی دروست بنێت. دیارە لە وە خراپتر بیر کردنە وە ی نیوە کە ی تری کۆمە ڵە کە ئە بێت ووشیار کردنە وەی تە واوی بو بکرێت و لە بە رنامە ی داریژراودا تیهە ڵکێش بکریت. کاری هاو بە شی لە نێوان دە سە لات و تابیە ت مە ندو پسپور بۆ رە گ داکوتانی زانستیانە ی گۆران و پە یرە و کردنی بە رنامە ی شیاوی ئە و کارە هاو بە شە و گە یاندنی بە هە موو شارو شارۆجکە و گە ڕەک و هە موو تویژێکی نێو کۆمە ڵ و بە ژنانی سە ر بە هە مو چینێک بە دایکی هە موومناڵێک، پاشان بە هە موو مێرد و باوک و کور و برایە ک کە بە بڕواوە ئە م پە ڵە رەشە ی سە ر نێو چە وانی ئە م کۆمەڵە دژایەتی بکات.

هە رکە س لە ئیمە ش ئە گە ر ئاسویە کی روناکی بوێت، دە بێت بە بارانی ئە م هە ورە رە شە ی ئاسمانی ڵێل کردووە گوناهە کان بشواتە وە و ئاسوی ئیستا و داهاتووی ئە م نە تە وە یە ساماڵ بکات و درزیک لە و دیوارە ئە ستورە بکات کە خە وی خوشمان تیک دەدات و با هێدی هێدی بچینە نێو بە خۆداچوونە وە یە کی زانستی یانە وە بۆ دروست کردنی پە یکە ریکی دروستی مرۆڤایە تی کە هە مو کۆمەڵ بگریتە وە. ئمیە ش وە کو سە نتە رێ ژنانی کورد لە کوڵن دە مانە ویت ببینە ناوندێکی تر هاو بە شی بکە ین لە کارکردن لە سەر ژان و ئازارە کانی ژنانی کورد و ئامێزی ناوندەکەمان بۆ هە موو پە یوەندی یەکی

دڵسۆزانە کراوە یە کە خزمەتی ئە مرۆی کۆمەڵە کەمان بکات و ئەم قە یرانە وەکو مە سەلەیەکی بنەرەتی کومەلگا بەر جەستەبکات

**ئەو ئامانجانەی نا وەندی کارەکەمان دەگریتەوە بریتین لە**

1- پێی توانا و دەرفەتەکانمان، لە ڕێگای دانانی کۆڕ و سمینار و چالاکیدیکە بەشداری دەکەین لە بەرەوپێشبردنی پروسەی ئینتگراتسیون لە ناو کۆمەڵگا و هەوڵ دەدەین پێوەندی بە لایەنە ئاڵمانییەکانەوە بگرین و توانا و سەرنجی ئەوانیش بۆ ئەو مەبەستە رابکێشین. دەمانەوێ لەم ڕێگایانەوە ژنان و منالانی کورد هەرچی زیاتر بەم کۆمەڵگایە و دەرفەتە ناسراو و نەناسراوەکانی ئاشنا بکرێن.

٢- داکۆکی کردنی راستەوخۆ لە مافەکانی ژنان و ڕاکێشانی یارمەتی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەک مافی مرۆڤ بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو بێ مافییانە بە ئەرکی خۆمان دەزانین.

٣ - پێوەندی دەگرین لە گەڵ ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان، ئەو ڕێکخراوانەی کە لە بواری کێشەکانی ژناندا چالاکن. هەروەها هەوڵ دەدین دەنگی ئەوان بە میدیای جیهانی رابگەیێنین.

٤ - بە پێێ توانا هەوڵ دەدەین لە گەڵ ڕێکخراوە کوردییەکاندا و بە تایبەت ڕێکخراوەکانی ژنان پێوەندی بگرین و کار و چالاکی هاوبەشمان هەبێ.

٥ - دەمانەوێ لەبەرامبەر هەر چەشنە توندوتیژییەک دژ بە ژنان - بەتایبەت ژنانی کورد - چ لە دەرەوە یان ناوخۆی وڵات دەنگ هەڵببڕین.

٦ - بۆ ئەوەی بتوانین لە ئەزمونی خەڵکانی دیکەش کەڵک وەربگرین، بۆ ئەوەی بیروڕاکانمان ئالوگۆڕ بکەین و دەرگایەکی دیالۆگ بکەینەوە، هەوڵ دەدەین لە گەڵ ڕێکخراوەکانی ژنانی بیانیش پێوەندیمان هەبێ.

**سنتە ری ژنانی کورد لە ئالمان [کولن]**

**٢٥-١١-٢٠٠٧**

Center der Kurdischen Frauen in Köln/Deutschland
25-11-2007